جلەو گیرکردنی فشار لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا

هێمن ڕەفیق

ژیان بریتییە لە ڕووداو کە بە شێوازی جیاواز کاریگەری بەسەر ڕەفتارو بیرکردنەوە و بڕیاری تاکەکان جێ دەهێڵێت، لەبەرئەوەی مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە هەمیشە لە پەیوەندی و کارلێکدایە لەگەڵ خەڵکان و ژینگەی دەوروبەر، کۆمەڵگەش لە ئەنجامی ئەم کارلێک و ململانێیە بە سروشتی خۆی بەرەو گۆڕانی دینامیکی دەڕوات.

لە دۆخێکی چەقبەستوو بەرەو دۆخێکی کراوە، لە پابەندبوون بە دابونەریتێک بۆ گۆڕان و قەبوڵکردنی گۆڕانکارییەکان، هەڵچوون و بوونی فشاری بەردەوام لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا بەشێکە لە سروشت و پێکهاتەی کەسایەتی هەموو مرۆڤێک، بەڵام هەر کەسەو بەجیا و بەشێوازی تایبەتی خۆی گوزارشت لەو هەڵچوونە دەکات و وەڵامی تێگەیشتن و هەستە نێگەتیڤەکانی خۆی دەداتەوە لە هەڵوێست وەرگرتنی لە ژیانی کۆمەڵایەتی وخێزانیدا، جگە لەوەش چەندین هۆکارو فاکتەری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری لە پاڵ ئەو هەڵچوونەی تاکەکەس ئامادەیی هەیە لەکۆمەڵگەدا، وێڕای فاکتەری تەکنۆلۆژی و کەلوپەل و ئامێرەکان کە وەکو پێداویستییەکی سەرەکی ڕۆژانەی مرۆڤ خۆی سەپاندووە و گرفت و ئاریشەو هەڵچوونی زۆری دروست کردووە، هەموو ئەو ڕەهەندو هۆکارانەش ڕاستەوخۆ بووەتە هۆی پچڕانی شیرازەی پەیوەندییەکان لە خێزاندا و کەسایەتی تاکەکانی بەرەو ئاڵۆزی و پەشێویەکی زۆر بردووە، بوونی فشاری زۆرو بەر ئەنجامە خراپەو نێگەتیڤەکانی تا ئاستێکی زۆر بە زیان و مەترسی کۆتایی هاتووە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا و ئەم هەڵچوونە زۆرە لەیەک کاتدا ڕەواج دان بووە بە بەردەوامی کێشەکان وکارەساتی گەورەی لێ کەوتووەتەوە، بوونی ئەوحاڵەتەش لە کوشتن و سووتان و خنکاندن، ڕاستییەکی واقیعیە بۆ سەلماندنی قسەکانمان، بۆیە کەسایەتی خەڵکی ئێمە کەسایەتییەکە لێوان لێو لە توندوتیژی و هەڵچوون و نەخوێندنەوەو قەبوڵ نەکردنی بەرامبەر لە تێگەیشتن و گفتوگۆدا، لاوازی ئامێرەکانی کۆنترۆڵکردن لەژیانی کۆمەڵایەتی و خێزانیدا و نەبوونی ئیرادە بەرزی و متمانە بە خۆبوون لە لای تاکی ئێمە هۆکارێکی ڕێگاخۆشکەر بووە بۆ ئەوەی کە فشارو هەڵچوونەکان بە زیانی کەسایەتی تاکەکان کۆتایی بێت، ئەگەرچی هەندێ کەس لەگەڵ فشاری ڕۆژانە وەکو دەریاوان لەگەڵ جموجۆڵی پاپۆڕەکەی دەگونجێ وهەندێکی دیکەش توانای خۆگونجاندنیان نییە.

بەڵام زانین و تێگەیشتن لە هۆکارەکانی هەڵچوون تا ئاستێکی زۆر پێویستە بۆ سووککردنی باری ئەو فشارەی کە لە دەرفەتێکدا تووشی خەڵکان و گەنجانی ئێمە دەبێت، بۆ نموونە ڕووداوە سەرەکییەکان وەکو مردنی کەسێکی نزیک یان تەلاقدان یان نەخۆشی هەموویان ڕووداون بە جۆرێ کە ببنە هۆی دروستبوونی فشار، یان لەکاتێکدا مرۆڤ بەسەر ڕووداوە سەرەکییەکانیدا زاڵ دەبێت، کەچی بەدەستی قەیرانی (crisise) سادەی ڕۆژانەوە دەناڵێنێ، وەکو قەرەباڵغی جادەو شەقامەکان لەکاتی شوفێریکردندا، بڕینی گفتوگۆ لەکاتی قسەکردن لە لایەن خەڵکانی دەوروبەر، ئەمانە هەمووی یەک لە دوای یەکتری دێن و بەسەر هەستی مرۆڤدا کەڵەکە دەبن، بە جۆرێ کە هەندێ جار شەکەتبوونێکی دەروونی هێندە توندە کە دەرک بە هەستکردن پێی ناکرێ، ئەمانەش ڕاستەوخۆ کار لە دەزگای ئارامی جەستەیی مرۆڤ دەکەن و دەبنە هۆی لاوازی لە بیرکردنەوە و هێزی وزەبەخشین لە مرۆڤدا.

ئەو فشارانە بەشێکن لە ژیان و لە مرۆڤ جیا نابێتەوە، ئەگەر لەهەر هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتی یاخود دەروونی سەقامگیریشدا بژیێت، بۆیە دواجار تاکەکەس دەگاتە ئەو قەناعەتەی کە ڕووداوەکان وەک خۆی قەبوڵ بکات و لەگەڵیدا بسازێ و هاوگونجان دروست بکات لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە لەسەر مرۆڤ کە یەکەم تەماشای کاریگەری نێگەتیڤی فشار نەکات، کە بە هۆی کەڵەکەبوونەوە تا ماوەیەکی درێژ شوێنەواری دەمێنێ، بۆیە قورسی چارەسەرکردن تەنها بەند نییە بە هێزی فاکتەرەوە، بەڵکو کەڵەکەبوونی چەند هۆکارێکە کە ڕێگەی لێ دەگرن کە بە دوای چارەسەردا بگەڕێ، لەوانەیە بەڵاتەوە ئاسان بێت کە خۆت لەگەڵ ئەو هێزانە بگونجێنی کە لە تێکەڵێک فشاری پیشەیی و ڕووداوی ژیانی ئاسایی و نائاسایی پێکهاتووە، بەڵام ئەو هەوڵەی کە پێویستە بۆ سەرکەوتن دەبێتە هۆی لاوازبوونی وزەو تەندروستی و پاشان کار لە تەندروستی جەستەیی و تەنانەت دەروونیشی دەکات، سەرچاوەکانی فشار زۆر و جۆراوجۆرن، هەندێکیان دەرەکین کە پەیوەندی بە تاکەکەسەوە نییە وهەندێکیشیان ناوەکین کە بریتین لەو هێزانەی کە بەشێک لە کەسایەتی مرۆڤ پێک دێنێت، دیاریکردنی پاڵنەرە تاکییەکان یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لە ڕەفتارەکانی خودی مرۆڤ کە لەوانەیە لە باری فشاردا لەسنووری خۆی دەربچێ، هەروەها کەڵەکەبوونی فشارەکان لە ژیانی مرۆڤدا دەبێتە هۆی تەقینەوەی لە هەڵوێستی کۆمەڵایەتیدا تەنانەت هەندێ جار وەک تەقینەوەی گڕکانەکان زیان و مەترسی لێ دەکەوێتەوە، هەموو ئەو حاڵەتانەش پێویستی بە چارەسەرو ڕێنمایی دەروونی هەیە، بەوەی کە کەسی تووشبوو بەو فشارانە ئەو پرسیارانە لەخۆی بکات، کە ئایا دەتوانم لەمەودوا پاڵنەرە ناچارییەکان کە زاڵن بەسەر ڕەفتارەکانمدا دیاری بکەم؟ یاخود ئایا دەتوانم بزانم کە لە چ کاتێک ئەو پاڵنەرانە لە سنووری خۆیان زیاترن؟ یاخود دەتوانم هەستکردنم بە فشار لە ماوەی کارکردنمدا دیاری بکەم؟ ئایا تا ئێستا پرسیومە لە خۆم کە فاکتەرە ماندووبەخشەکان لەژیانی کۆمەڵایەتیمدا هۆکاری سەرەکین بۆ سەرهەڵدانی فشار؟ هەموو ئەو پرسیارانە پێویستی بە وەڵام و ئامۆژگاری پێویست هەیە بۆ سووککردنی باری ئەو فشارەی کە لەدەرفەتێکدا تووشی مرۆڤ دەبێت، ئەو ئامۆژگاری و ڕێنماییانەش دەکرێ لەم خاڵانەدا بخەینەڕوو:

1-پاڵنەرە پاگیرەکان کە بەسەرتا زاڵن، دەستنیشان بکە.
2-ئەو پاڵنەرە کۆمەڵایەتی و ئابوورییانە دیاری بکە کە سنووری خۆیان دەبەزێنن.
3-ئەو فشارانە دیاری بکە کەوا کار لە ڕەفتارو بیرکردنەوەت دەکات.
4-مەهێڵە فشارە ساتەوەختییەکان وزەی بیرکردنەوە و چارەسەرت بە فیڕۆ بدەن.
5-بۆ سووککردنی باری فشارەکەت پێویستیت بە هەناسەدانێکی قووڵ هەیە، کە وەکو پرۆسەیەکی ئارامبەخش چەند جارێک دووبارەی بکەیتەوە.
6-بۆ سووککردن و لەبیرکردنی باری فشارەکەت پێویستە لە ڕۆژێکدا بۆ ماوەی (20) خولەک جووڵە بکەیت و بەپێ بڕۆی، جگە لەوەی کە سوودی هەیە بۆ دەروونت واشت لێدەکات کە بیر لە دیمەنەکانی دەوروبەرت بکەیتەوە.
7-وەرزشکردن لە کاتی ماندوبوونی دەروونتدا، هۆکارێکی کاریگەرە بۆ بەهێزکردنەوەت لە لایەنی دەروونی و جەستەییدا، هەموو ئەو خاڵانە و چەندینی دی یارمەتی تۆ دەدات کە لە کاتی هەڵچوونتدا کاری لەسەر بکەی بۆ هێوربوونەوە و گەڕان بەدوای چارەسەری هەڵچوونەکان لە ژیانی کۆمەڵایەتی و خێزانیدا.

سەرچاوە:
جلەو گیرکردنی فشاری دەروونی
ن/ کیت کنیان
و/ کەمال فاروق

د.سامان شاڵی :
زانکۆکانی کوردستان ئاستی زانستییان نزمە و لە قەیرانێکی گەورەدایە

د.سامان شاڵی سەرۆکی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە باکووری ئەمریکا لەدایکبووی شاری سلێمانییە ساڵی 1950 ، سەرجەم قۆناغەکانی خوێندنی لەو شارە تەواوکردووە و دەرچووی کۆلێژی زانستی زانکۆی سلێمانییە و بڕوانامەی دکتۆرای لە وڵاتی ئیتاڵیا وەرگرتووە ، وەک مامۆستای زانکۆ لە زانکۆکانی سعودیە و بەریتانیا و ئەمریکا کاریکردووە، ناوبراو لە ساڵی 1976 ئاوارەی وڵاتان بووە و لە ساڵی 1985 ەوە تا ئێستا لە ئەمریکای باکوور ژیان بەسەر دەبات. لە دیمانەکەیەکیدا لەگەڵ کوردستان ڕاپۆرت تیشک دەخاتە سەر کارو چالاکییەکانی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە ئەمریکا و بەرسڤی چەند پرسێکی کۆمەڵایەتیش دەداتەوە.

سازدانی : تارا محەمەد

د.سامان شاڵی

کوردستان ڕاپۆرت: ئامانج وئەرکەکانی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد چییە لەو وڵاتەدا؟

د.سامان شاڵی: ئەرکی کۆنگرە ئەوەیە دەنگی کورد بگەیێنێتە کۆنگرێس و سیناتۆر لەگەڵ حکومەتی ئەمریکا، هەروەها دەنگی کوردانی ئەمریکا بگەیێنێ بەیەک و ئامانجیش دروستکردن و ئاوەدانکردنی کوردستانێکی ئازاد و یەکگرتووە .

کوردستان ڕاپۆرت: ئەنجام و ڕاسپاردەکانی کۆنفراسی پرسی کەرکوک و مادەی 140 ی دەستووری هەمیشەیی گەیشت بەکوێ ؟

د.سامان شاڵی: دیارە هەریەک لە کۆمەڵەی نەتەوەیی کورد لە ئەمریکای باکوور و ئەنیستیتۆتی کورد لە واشنتۆن و زانکۆی پێنسلڤانا هەستان بە ڕێکخستنی ئەو کۆنفراسە و ژمارەیەک لە کەسایەتی ناوداری ئەمریکی تێیدا بەشدار بوون لەگەڵ چەندان کەسایەتی کورد لە هەرێمی کوردستان لەوانە د. کەمال کەرکووکی جێگری پەرلەمانی کوردستان و د. محەمەد ئیحسان وەزیری ناوچەکانی دەرەوە لەگەڵ قوباد تاڵەبانی و سەفیری عێراق لە ئەمریکا و کەنەدا و ئەورووپا و چەندان کەسایەتی دیکەی بیانی و کوردی لە دەرەوە و ناوەوەی کوردستان، ئامانجی سەرەکیشمان لەو کۆنفراسە ئەوە بوو بۆ تەواوی خەڵکی بخەینە ڕوو کە میللەتی کورد دەیەوێ بەشێوەیەکی ئاشتییانە مافی خۆی وەربگرێت لەسەر بنەمای دەستووری هەمیشەیی عێراق، ئەو دەستوورەی 80 % ی گەلی عێراق دەنگی بۆداوە کەی حکومەتی ئەمریکا و نەتەوە یەکگرتووەکان سەرپەرشتییانکردبوو ، بەڕێز (پیتەر) کە ئامادەی کۆنفراسەکە بوو دواخستنی مادەی 140 ی دەستووری بە کارێکی ناڕەوا وەسفکرد هەر چەندە ئەو دواخستنە لە بەرژەوەندی گشتی دابوو بۆ ڕوونەدانی کێشەو ناخۆشی لە نێوان گەلانی عێراق ، هەروەها باس لەوە کرا کە هەندێ ناوچە هەن پێویستە لەگەڵ کەرکوک بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان گرنگترینیان ناوچەی حەویجە بوو ، پرۆفیسۆر برێندەن کە ئامادەی کۆنفراسەکە بوو ئەوەی درکاند کە ئەگەر ماددەکە جێبەجێنەکرێت ئەوا کورد دەتوانێ ڕێگای یاسا بگرێتە بەر ، مەسەلەی نەوت پرسێکی گرنگی کۆنفراسەکە بوو ، زۆرینەی ئەوانەی بەشدار بوون جگە لە کوردەکان داوای ئەوەیاندەکرد کە نەوت لەژێر دەستی حکومەتی مەرکەزی بێت ئەگەر کەرکوکیش لە ژێر دستی حکومەتی هەرێمیش بێت، زۆرێکیش لەگەڵ ئەوەدابوون کە ریفراندۆم بکرێت لە کەرکووک نوێنەرانی حکومەتی هەرێمیش جەختیان لەسەر یەکریزی گەلی کورد کردەوە بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانیان، لەسەرووی هەموویانەوە جێبەجێکردنی ماددەی 140 ی دەستوور. منیش لە وتەکەمدا داوام لە نەتەوە یەکگرتووەکان کرد کە نامانەوێ ریفراندۆم بکرێت، چونکە لە بەرژەوەندی میللەتی کورددا نییە، پاشان بۆ هەر دەبێ بڕیار بە دەستی ئەمریکا و حکومەتی بەغدا بێت، لە کاتێکدا ئەو پرسە پرسی کوردانە بەر لەوەی پرسی ئەوان بێت. پاشان حکومەتی کوردیش هیچ پلان و بەرنامەی نەبوو پێشکەشی دانیشتوانەکەی بکات کە ئەگەر ئەو ناوچەیە گەڕایەوە سەر هەرێمی کوردستان دانیشتوانەکەی چیان بۆ دەکرێت و چ خزمەتێکیان پێشکەشدەکرێ لەلایەن دەسەڵاتی کوردییەوە، دەکرا سەرکردە کوردەکان بەوپەڕی شەفافیەتەوە مامەڵە لەگەڵ میللەت بکەن بۆ ئەوەی میللەت لەگەڵ بڕیارەکانی ئەودابوەستن، بەپێچەوانەوە نابێ شتێک بە میللەت بڵێن و لە ژێرەوە شتێکی دیکە بکەن، چونکە ئەو مەسەلەیە مەسەلەی چارەنووسی هەموو میللەتە بە گشتی و مێژووش شایەدی ئەو ڕاستییەیە، دوا هەوڵیش دەکەوێتەوە سەر خۆمان کە ئایا ئێمەی کورد یەک هەڵوێستین لەسەر مەسەلەکە یان نا؟

کوردستان ڕاپۆرت: ئامانجتان لەو کۆنفراسە چی بوو بە گشتی ؟

د.سامان شاڵی: من زۆر پێخۆشحاڵ بووم کە ئەو کۆنفراسە زۆر شتی شاراوەی بۆ ڕوونکردینەوە تاوەکو سەرکردایەتی کوردی سوود لە بۆچوون و مەبەستەکانیان وەر بگرێت .

کوردستان ڕاپۆرت: لە دوا گەڕنەوەت بۆ کوردستان کوردستانت چۆن بینی؟

د.سامان شاڵی: بینینەکەم دوو لایەن بوو لەلایەک بە پێشکەوتنی شارو شارۆچکەکان دڵخۆش بووم کە ژیان ڕووەو گۆڕانکاری زۆرە لە کوردستان ، بەڵام جێگەی داخە خەڵکەکەی زۆر نیگەرانن بەهۆی زۆری گەندەڵی دیارە دەسەڵات لەوەیا کەمتەرخەمە ڕاستە لە هەموو شوێنێکی دنیا گەندەڵی هەیە لەگەڵ ئەوەشدا لێپرسینەوە گرنگە ، دەکرێ کەسانی دڵسۆز بکرێن بە چاوساغ و هەڵسوڕێنەری کاری ڕۆژانەی خەڵک، پێموایە هۆکارەکەشی هی ئەوەیە دەسەڵات لەسەر بنچینەی توانا پۆست نادا بە خەڵکی، بەڵکو لەسەر بنەمای بەشە حزبی پۆست دەدرێتە بەرپرس و کار بەدەستان ، دیسان دەڵێم بەداخەوە گەر سەیری زانکۆکانی کوردستان بکەین دەبینین بەرەو دواوە هەنگاو دەنێن و هیچ هەوڵێکی کۆنکرێتی نەدراوە تا ئاستی زانست و خوێندن و فێربوون لە زانکۆکان بەرەو پێش بچێت زانکۆ واتای دوارۆژی میللەتێک دیاری دەکات ، من ئەو دواکەوتنەی زانکۆکانی کوردستان بە ڕۆژێکی ڕەش دەزانم بۆ میللەتی کورد، هیوادارم پەلە بکرێت بۆ باشتر کردنی ئەو ڕەوشە لە کوردستاندا

کوردستان ڕاپۆرت: چۆن بەراوردی یاسا و ئادابی گشتی کوردستان لەگەڵ وڵاتێکی وەک ئەمریکا دەکەی ؟

د.سامان شاڵی: یاسای ئێرەو ئەوێ جیاوازی زۆری هەیە، چونکە لە ئەمریکا وەکو یەک بەسەر تاک تەتبیق و جێبەجێدەکرێت ، بەڵام لە کوردستاندا ئەو یاسایەی لەسەر مەسئولێک جێبەجێدەکرێت لەگەڵ کەسێکی ئاسایی زۆر جیاوازە ، بۆ نموونە ئەگەر ئەندامێکی پایەداری ئەمریکی گەندەڵی بکات ئەوا بەبێ هیچ جیاوازییەک دەبێ بچێتە بەندیخانە وەک هەر تاکێکی ئاسایی دیکە بەپێی یاسای وڵات، بەڵام لە کوردستان ئەوە نییە بەداخەوە، یاسای ئەمریکا بۆی هەیە بانگی سەرۆکی ئەمریکا بکات بۆ گفتوگۆ کردن و لێپرسینەوە ، کۆنگرێسی ئەمریکا داوای بودجەی ساڵانە دەکات لە حکومەت و دەبێ ڕوونبکرێتەوە کە ئەو پارەیە چۆن سەرفدەکرێت ، هەرچەندە حکومەتی ئێمە لە زۆر لە حکومەتەکانی دیکە باشترە، بەڵام پێویستەکات شەفافیەت هەبێت لە ئیش و کاری حکومەت و پەرلەمان بۆ ئەوەی لە نێوان دەسەڵات و میللەت متمانە دروست ببێت.

کوردستان ڕاپۆرت: ڕەوشی مافی مرۆڤ بە تایبەت مافی ئافرەتان ئەمرۆکە چۆن دەبینیت لە کوردستاندا ؟

د.سامان شاڵی: ڕەوشی مافی مرۆڤ وردە وردە بەرەو پێشدەڕوات، بەڵام بەپێی پێویست نییە، دەکرێ تاک خۆی هەوڵی وەدەستهێنانی مافەکانی خۆی بدات و بەشدار بێت لەو هەوڵانەی بۆ بەدەستهێنانی مافی تاکە کەسی دەدرێت. وەک ئافرەتیش تا ئێستا هیچیان سەرکردەی حزبێک نین دوای ئەو هەموو ئازادییەی بەناو هەیە لەناو پارتی ئافرەتێک هەیە لەناو یەکێتی ئەو دانەیەش نییە، هیوادارم لە کۆنگرەی داهاتوویان بایەخ بە ڕۆڵ و توانای ئافرەتان بدەن ، پاشان سەرۆکی کۆنگرێسی ئەمریکا ئافرەتە ، جێگەی داخە تائێستا ئافرەت لە کوردستاندا جێگەی مەسئولیەت نین، لەگەڵ ئەوەشدا خۆشیان هێندە یەکگرتوو نین لەسەر داواکردنی مافەکانیان.

کوردستان ڕاپۆرت: هۆی چییە دوای ئەو هەموو گۆڕانکارییەی لە کوردستان بەرجەستە بووە هزر و بیری تاک زۆر کەم گۆڕاوە ؟

د.سامان شاڵی: خەڵکی کورد هەر بۆ ئەوە ئازان ڕەخنە لە دەسەڵات بگرن و هیچی دی ناکەن ، من دەڵێم کە ڕەخنە، حکومەت دەگرن مافی خۆیانە، بەڵام بابێن پێشنیار بخەنە ڕوو بۆ چارەسەری کێشەکان ئەوکات چارەسەر کردن ئاسان دەبێت ، پێموایە پێشکەوتنی وڵات و بەرقەرار بوونی گۆڕانکاری ئەرکی هەمووانە .

کوردستان ڕاپۆرت: کارو پرۆژەی داهاتووت چییە ؟

د.سامان شاڵی: هەوڵ بۆ بەهێزکردنی لۆبی کورد دەدەین لە ئەمریکا ، هیواداڕین حکومەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستانیش پشتگیریمان لێ بکات ، بۆ ئەوەی وەک گوتم دەنگی کورد بگەیێنینە هەموو جیهان، هەروەها لە هەوڵ وەدەست خستنی زانیارین لەسەر ئەو کۆمپانیایانەی کاتی خۆی مادەی کیمیاوییان بە سەدام فرۆشتووە، بۆ ئەوەی مافی قوربانیانی لێبستێنینەوە ئەوەش هەر پشتگیری حکومەتی کوردی پێویستە، هەوڵدەدەین بۆ دروستکردنی پردێک لە نێوانی کوردستان و ئەمریکا لە هەموو ڕوویەکەوە .

کوردستان ڕاپۆرت: ئایندەی کوردستان چۆن دەبینیت ؟

د. سامان شاڵی: دوا ڕۆژی کوردستان زۆر بە ڕوونی دەبینم ئەگەر ئێمە بە دەستی خۆمان لە خۆمانی تێک نەدەین و یەک هەڵوێستی خۆمان بنوێنین لە داواکردنی مافەکانمان و دیاریکردنی چارەنووسی میللەتەکەمان و متمانە بە تواناکانی خۆمان بکەین.

کاتێک مەی دەبێتە هەموو شتێک لە ژیانی مرۆڤدا

سازدانی : نزار جاف

لە چەندین و یستگەی شەمەنەفەر، بەتایبەتی ئەوانەی ژێرزەمین یان وێستگەکانی وەستانی پاس بە شێوەیەکی تایبەتی و باخچە و شوێنە گشتییەکان، بە گشتی، لێرە لە ئەڵمانیا، دیمەنی کۆمەڵە پیاو و ژنێکت ڕووبەڕوو دەبێتەوە کە تەمەنیان لە نێوان سی تا سەرو حەفتا ساڵەوەیە کە وەستاون پێکەوە یان دانیشتوون و خەریکی خواردنەوەی مەی بە شێوەیەکی تایبەتیش، بیرە، لە ڕووخساریاندا ماندوویەتی ساڵانی تەمەن و سەختی ژیان دەبیندرێت و ژیانیان بە شێوەیەکی یەکجار نامۆ بەڕێوە دەچێت. لە زۆر کاتیشدا، دیمەنی یەکێک لەم جۆرە کەسانە کە لە ئەڵمانیا بە"Penner" ناسراون، واتە ئەوانەی بێ ڕێ و شوێن و بنمیچیکیان نییە کە لە ژێریدا بن، دەبینیت کە لەسەر کورسی وێستگەیەکی گشتی یان تەنانەت لەسەر زەوی ویستگەیەکی ژێرزەمینی شەمەنەفەر، لە قوڵایی خەودایە و بە دەگمەن دەبینیت کە بە شتێک خۆیان داپۆشن یان لەسەر شتێکی نەرم ڕاکشێن، بەتایبەتی ئەڵمانیا ناسراوە بە کەشی ساردی.

ژیان و جیهانێکی تایبەتی

ئەم توێژە کۆمەڵایەتییە کە بە ئارەزووی خۆی پەراوێزکراوە ، ژیان و جیهانی تایبەتی خۆی هەیە و، لە زۆربەی کاتدا دەبینیت لە هەندێک بارودۆخی کۆمەڵایەتی جیاوازدا گونجاون و، بایەخ بە خەڵکی ئاسایی نادەن و، وا ڕەفتار دەکەن کە دەڵێیت هەر بۆ خۆیان لەم جیهانەدا دەژین. هەندێکیان دەبینیت خەریکی یاریکردنی جۆراوجۆرن بۆ کات بردنەسەر و تەنانەت بۆ قومارکردنیش، کەسانێکیان بە زار یاری دەکات هەندێکی تریش بە پارەی ئاسنین یان هی دیکە و، زۆر بەختەوەر دێنە بەرچاو گەرچی کەسانێکی زۆر تەنها لە بینینی دیمەنەکەیان، بێزار دەبێت. لەو کاتەیشی هەندێکیان قسە بە دەنگی بەرزدەکەن یان تەنانەت هاوار بە دەنگی بەرز دەکەن ئەوا ژمارەیەکی تریش دەبینیت کە زۆر بە هێمنی و ئاسایی قسە دەکەن.

بۆچی وایان لێهات؟!

پرسیارێکە بە پەرۆشەوە خۆی دەخاتەڕوو، بەڵام، وەڵامەکانی هەمان وەڵام نییە لە ئاراستە گشتییەکەدا، هەرچەندە باری گوزەرانی بەرەو خراپ چووی ئەڵمانیا لەم ساڵانەی دواییدا، جۆرە هێز و گەشەکردنێک بەم ناوەندە پەراوێزکراوە دەدات، بەڵام، ئەوەش ڕێگە لەوە ناگرێت کە ژمارەیەکی زۆریان بێ کارن یان سوودیان لە هەلەکانی ژیانیان بە جۆرێکی باش وەرنەگرتووە تا وەک مرۆڤێکی ئاسایی ژیان بەرنەسەر. هەڵبەتە بنەڕەتی بابەتەکەش، وەک ئەوە نییە کە فیلمەکانی سینەمای خۆرهەڵاتی دەیخاتەڕوو کاتێک مەی دەگاتە پەناگەیەک بۆ هەڵاتن لە خەم و خەفەت و تەنگەژەکانی ژیان، ئەمانە لە واقیعی خۆیان، هەڵنەهاتوون، بەڵکو بە توندی ڕەتی دەکەنەوە چونکە بە بۆچوونی خۆیان بۆ ئەوان دەست نادات. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە زۆرینەیان بێ ڕێ و شوێن ژیان دەبەنەسەر، بەڵام، لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێکیان شوێنی تایبەتی خۆی هەیە کە لەبەر پیس و پۆخەڵی وەک تەوێلەیەکی ئاژەڵ وایە . لێرەشدا، پێویستە ئاماژە بدرێت بەوەی کە بۆ ماوەی یەکجار دووردرێژ خۆیان ناشۆن و هەندێک جار لە ساڵ تێدەپەڕێت، هەرچەندە ئەوان ژیانی خۆیان لەو شوێنەدا لائاساییە چونکە پێی ڕاهاتوون.

خۆرهەڵاتییەکانیش چوونە ریزەوە!

لەگەڵ ئەوەی دیمەنی ئەم جۆرە کەسە بێ دەرەتانانە تا ساڵانێکی نزیک، تایبەت بوو بە خودی ئەڵمانەکان، کەچی خۆرهەڵاتییەکانیش کەمە کەمە هاتنە ناو ئەم جیهانە تایبەتییەوە و بوونە بەشێک لێی، بەڵام ئەوەی لە ئەڵمانەکان جیایان دەکاتەوە، ئەوەیە کە زۆر توندوتیژترن لە ئەڵمانەکان کاتێک داخوازێت قسەیان لەگەڵدا بکەیت بەتایبەتی گەر بزانن ڕۆژنامەنووس یان لە میدیایەکدا کاردەکەیت، بەڵام کوردستان ڕاپۆرت توانی لە ڕێگەی کەسانی دیکەوە قسەی ناڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەو کەسە خۆرهەڵاتییانە بکات کە تووشی ئەم جۆرە ژیانە بوون. بێگومان ئەوەی لای ئێمە گرنگ بوو کە بزانین ئایا هیچ کوردێک لە نێوان ئەو توێژە کۆمەڵایەتییە پەراوێزکراوەدا هەیە یان نا، ئێمە بۆ گەیشتن بەو مەبەستە، تەنها یەک ڕێگەمان لەبەردەم دابوو کە بە هۆی ئەڵمانێکەوە مەبەستی خۆمان بپێکین، چونکە ڕووخساری کورد و تورک و فارس و عەرەب تا ڕادەیەک هەر لە یەک دەچن و زۆر جار مرۆڤێک بۆ ئەم جۆرە مەبەستانە، خۆی بە جۆرێکی جیاواز و دوور لە ڕاستییەوە نیشان دەدات. برادەرێکی ئەڵمان کە چەند ساڵێکە دۆستێکی نزیکمانە، داوامان لێکرد بۆ ئەو مەبەستە بچێتە ناو دوو سێ گرووپی جیاواز لە شارەکانی "بۆن" و "کۆێلن" و "گۆدۆرف"ەوە، سەرەنجام پێ ڕاگەیاندین کە تەنها شەش کورد لە نێوانیاندا هەبووە و، دووانیان خەڵکی کوردستانی عێراق و سیانیان خەڵکی کوردستانی ئێران و ئەوی تریشیان خەڵکی کوردستانی سوریایە . ئەوانە هیچ قسەیەکی ئەوتۆیان نەدابوو بە دەستەوە کە سوودی لێ وەربگیرێت، بەڵام تەنها زانینی ژمارەکە لە خۆیدا گرنگییەکی هەیە، چونکە بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە کوردیش گەیشتە ناو ئەو توێژەوە!!

دیمانەیەکی ڕۆژنامەگەری ناڕاستەوخۆ

خۆم وەک ڕۆژنامەنووسێک نەناساند، چونکە کاتێک وێنەم دەگرتن کاردانەوەی وام بینی کە دڵنیای کردم ڕووبەڕووی سەرئێشە و ئازار دەبمەوە، تەنانەت هەندێکیان داوایان لێکردم شوێنەکەیان بەجێ بێڵم ئەگینا!! بەڵام، هەروەک زانراوە، ڕۆژنامەنووس گەر لە دەرگاوە دەری بکەیت ئەوا لە پەنجەرەوە دەگەڕێتەوە و گەر پەنجەرەی شی لێ بگریت ئەوا چەندەها ڕێگە دزەکردن بۆ مەبەست و ئامانجەکەی خۆی دەدۆزێتەوە. هەربۆیە، لە ڕۆژێکی بەهاری خۆشدا کە هەتاوەکی بەتین بوو، ڕوومکردە وێستگەی ژێرزەمینی شەمەنەفەرەکانی شاری بۆن و لەوێ چوومە تەنیشت پیاوێکی پیرەوە کە لەو توێژە بوو ، تەمەنی نزیک حەفتا ساڵی پێ دەچوو. لە تەنیشتییەوە دانیشتم و ئامێری تۆمارکردنە بچووکەکەم لەناو گیرفانمدا خستەکار و لێم پرسی:

- ڕۆژێکی خۆشە، وانییە؟
+ بەڵێ خۆشە، بە ڕاستی خۆشە!
- پێش ماوەیەکی کورت لەسەر کەناری ڕووباری ڕاین دانیشتبووم، ئەوێ خۆشتربوو، نازانم بۆچی هاتم بۆ ئێرە؟
+ڕاین! لە مێژە نەمبینیوە، ئایا هەروەک جارانە؟
- بەڵێ ئەو هەروەک جارانە و هیچ نەگۆڕاوە، بەڵام پێی دەچێت تۆ گۆڕانت بەسەردا هاتبێت، ڕاستە یان هەڵەم؟

بە دەنگێکی بەرز پێکەنی و وەڵامی دامەوە:

+ ئەم جیهانە پیسە ناگۆڕێت، ئێمەی مرۆڤ بە تەنها دەگۆڕدرێین، ئایا ڕووبار یان زەوی یان چیا لە مرۆڤ باشترن؟
- بەڵام بۆ گۆڕایت؟

بە بێزارییەکەوە تەماشای کردم و ویستی وەڵامم بداتەوە، بەڵام لەپڕ بێدەنگییەکی هەڵبژارد و کەوتە خوادنەوەی بیرەی خۆی، ئیدی هیچ قسەیەکی لەگەڵمدا نەکرد!

پاش کەمێک لە پاڵ ژنێکەوە دانیشتم کە تەمەنی لە پەنجا ساڵ تێپەڕیبوو، بەڵام لە ڕێگەی ئارایشت و جل و بەرگەوە دەیویست وانیشان بدات کە لەو تەمەنە بچووکترە و باشترین گوزەریشم بۆ چوونە ناو قسەوە لەگەڵیدا هەر لەو ڕێگەیەوە بوو:

- کچی جوان! چۆن پیاوان و لاوان بە تەنها بەجێیان هێشتوویت و تۆ بەم جوانییەیت؟

تەماشای کردم و زۆر بە نەرمییەوە و بە دەم زەردەخەنەیەکەوە وەڵامی دامەوە:

+ هەندێک کات پیاوان پێیان باشە تەنها بن و لەعنەت لەو ڕۆژە دەکەن کە تیایدا لەدایکبوون!
- هەر لەبەر ئەوەش تەنهایت لێرەدا یان هۆیەکی تر لەئارادایە؟
+ ئای خوایە! پیاوان وەک منداڵ وان، تا سۆزیان پێ ببەخشیت و زێتر ناز دەکەن و ژیان سەختر دەکەن.
- بەڵام دەبووایە سۆز بە تۆ ببەخشرایە نەک بە پیاو، تۆ دەبێت ناز بکەیت نەک پیاو، خوایە گیان ئایا جیهان گۆڕانی بەسەردا هاتووە؟
+ بە درێژایی تەمەنم،هەوڵمداوە بایەخ بە پیاو وەک منداڵێک بدەم ، تەنها ئەوەندەم لێ دەخواستن کە پابەندبن بەوەی کە پێویستە بیکەن، بەڵام هەمیشە لاساربوون!
- ئایا ئەوە بەو واتایەیە کە ئیدی ژیانی تۆ پیاوی تێدا نەماوە ؟
+ نا نا نا، ئەوان وازم لێ ناهێنن بە تەنیا بمێنمەوە! ئایا منداڵێکت بینی کە دەستی لە دایکی هەڵگرتبێت؟ ئەوان پێویستییان پێمە بۆیە ناچارن بۆم بگەڕێنەوە .

فۆتۆ: نزار جاف